# یاداشتی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

## سەبارەت بە

## "گرێبەستی دانانی کامێرای تیژڕەوی جێگیر لە پارێزگای سلێمانی"

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکدا ئەنجامداوە بۆ دانانی (225) کامێرای دیاریکردنی تیژڕەوی ئۆتۆمبێل، لەسەر حسابی هاولاتیانی شاری سلێمانی و ئیدارەی راپەڕین، گەرمیان و هەڵەبجە، لەکاتێکدا هەر لە بنەماوە پرس و راوێژ بە پارێزگاری سلێمانی و هاتوچۆی سلێمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکەی نەکراوە، لە ئێستاشدا هەریەک لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگەی داواکاری گشتی، بڕیاریان داوە دانانی کامێرای چاودێری رەتبکرێتەوە، پاڵپشت بەوەی کارێکی نەگونجاوە و دژ و پێچەوانەی یاساشە، هەروەها داوایان کردووە وەزارەتی ناوخۆ گرێبەستی کۆمپانیای جێبەجێکار هەڵوەشێنێتەوە.

ئێمەش وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی داواکارین گرێبەستەکە هەڵبوەشێنرێتەوە بە هۆکاری ئەوەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە نادادپەروەری و ستەم و نایاسایی و بە هەدەردانی سامانی گشی تێدایە، لێرەدا بە کورتی چەند سەرنجێکی گشتی لەسەر گرێبەستەکە دەخەینەڕوو:

1- کێشەکانی پەیوەندیدار بە هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و پارێزگای سلێمانی بە تایبەتی، فرە ڕەهەندە و سەرچاوەی دروستبوونی جۆراوجۆرە، لەم ڕوانگەیەشەوە شێواز و میکانیزمی چارەسەری کێشەکان جۆراو جۆرن و تەنها غەرامەکردن چارەسەر نییە، بەڵکو پێویستە (ڕێگەوبان، کوالیتی ئۆتۆمبێلی هاوردە، میکانیزمی وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری، پێداچوونەوە بە یاسای هاتوچۆ و ... چەندانی تر) کۆمەڵە میکانیزمێکی چارەسەرن، کە پێویستە هاوتەریب بەیەکتر لەپێناو چارەسەری کێشەکانی هاتووچۆدا بن، واتە حکومەت هەموو هەوڵەکان بەیەک ئاڕاستەدا ببات نەک ئەوەی تەنها تەرکیز بخاتە سەر یەک لایەن، کە ئەویش غەرامەکردنی سەرپێچیکارە، چونکە لەم بارەدا ئەو گومانە لای هاولاتی دروست دەبێت کە غەرامەکردن وەک سەرچاوەی داهات بۆ حکومەت سەیربکرێت، نەک وەک شێوازێکی چارەسەر.

2- لەو وڵاتــانەی کە ئەم سیســتمەی تیــدا جێبەجێــدەکرێت، وەک (کوەیــت، بەحــرەین و عەرەبســتانی سـعودیە)، وەزارەتــی نــاوخۆ ئەم کــارە ئەنجامــدەدات و نەسـپێردراوە بە کەرتــی تــایبەت، لەکاتێکـدا جێگای پرسیارە کە بەڕێـوەبەرایەتی هـاتوچۆی سلێمانی خـاوەنی کـامێرای چـاودێری بێـت بـۆچی ئەم گرێبەستە دەدرێتە کۆمپانیا؟

3- بەپێــی ڕێنمــایی ژمــارە (2)ی ســاڵی (2016)ی تــایبەت بە گرێبەســتە حکومییەکــان، دەبێــت ئەو گرێبەستنانە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، بەڵام لە چەند بڕگەیەکی گرێبەستەکەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە ئایا ئەم گرێبەستە بەدیهێنەری بەرژەوەنـدی گشـتییە؟ بە نمـونە وەک ئەوەی لە بڕگەکانی (17 ، 10 خاڵی 1 ، 8 خاڵی 4)ی گرێبەستەکەدا هاتووە.

4- سەرلەبەری گرێبەستەکە پێچەوانەی بنەما بنەرەتییەکانی یاسـا کارپێکراوەکـانە، چـونکە سـەرپێچی هاتوچۆ تاوانە و سزای تـاوانەکەش پێبژاردن (غرامە)یە و وەرگرتـنی غـەرامەش بەپێی یاسا لای دادگا یاخود ئەو دامەزراوە فەرمیانەیە کە یاسا دیاریکردووە، لێرە چۆن دەکرێت پارەی داهاتی سـەرپێچی بۆ کەرتی تایبەت بێت.

5- ناوەرۆکی گرێبەستەکە لەڕووی ماوەی گرێبەست و شێوازی پشکی کۆمپانیای گرێبەسـت لەگەڵکـراو، بە ئەنــدازەیەکە زۆر بە ئاشـکرا هەدەردانــی داهــاتی گشـتی دەردەخــات، چــونکە ئەم ئەرکە نابێــت رادەستی کەرتی تایبەت بکرێت بەڵکـو پێویسـتە لای حکـومەت بێـت، سـەرباری ئەوەش کـۆی تێچـوی کامێراکــان و خەرجییەکــانی لە داهــاتی گشــتی دەدرێــتەوە بە کۆمپانیــاکە و زیــاتر لەوەش دواتــر بۆ ماوەی (15) ساڵ بە ڕێژەی (20%)ی داهاتی پرۆژەکە دەدرێتە کۆمپانیاکە.

6- بەپێیی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە، وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ خۆیان هەڵدەستن بە کـۆکردنەوەی داهــات و پێبــژاردن و غەرامەکــان! بـۆ دەبێــت لە بەرامــبەر دانــانی کــامێرا و چەنــد بەرنامەیەکی نێتۆرك و نۆژەنکردنەوەی کامێرادا، کۆمپانیایەك داخڵ بکرێت و بەو بڕە پارە خەیاڵییە ببێـتە هاوپشـکی حکـومەت، کە ئەرکەکەی هەرگیـز هاوتـا نابێـت بەو خـزمەتەی بەرامـبەر قـازانجی بەدەستهاتوو پێشکەشی دەکات.

7- سیستمی پەیڕەوکراو لەم گرێبەستە بریتیە لە (سیستمی پۆینـت تـو پۆینـت)، واتـا سـنورێك دیـاری دەکرێــت دەبێــت ڕێگــاکە بە مــاوەیەك ببڕێــت، کە ئەم سیســتمە تەواو نــادادوەریی تێــدایە و دەروازەیەکە بۆ ئەوەی هیچ خانەوادەیەك بێ بەش نەبێ لەم سـزایە چـونکە، سیسـتمی دادپەروەر و پەیڕەوکراو بریتیە لە ڕێژەی خێرایـی کە لێـرەدا پەیـڕەو نەکـراوە، ئەمەش تەنهـا بـۆ زۆرکردنـی بـڕی پارەو دروستکردنی بارگرانی زیاترە لەسەرشانی هاوڵاتیـان.

8- خراپــی ڕێگاوبــان و هــاتوچۆی ئۆتـومبێــل لە هەرێمــی کوردســتان لەگەڵ ئەم جــۆرە لە سیســتمی (پۆینت تو پۆینت)دا ناگونجێت.

9- دەپرسین حکومەتی هەرێم لە رابوردودا کامێرای گەرۆك و جێگیری کڕیوە بۆ کۆنترۆڵکردنی تیژڕەویی، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر نیازی ئەم گرێبەستانەیان هەبوو، بۆچی ئەو ژمارە زۆرەی کامێرای چاودێرییان کڕی؟ بۆ ئەوەندە ئاسانە بە فیرۆدانی داهاتی گشتی؟ بەمەش سەرجەم کامێرا کڕدراوەکان سودیان نامێنێت، لەکاتێکدا هەندێکیان تا ئێستاش بەکارنەهاتون.

10- ئێمە نەک هەر دژی دانانی کامێرا و جڵەوکردنی تیژڕەوی و کەرتی تایبەت نین، بەڵکو بەلامانەوە زۆر باش و بە سودیشن، بەڵام بە سیستم و رەچاوکردنی دۆخی خەڵک و داهاتی گشتی. ئەوەی بەدیدەکەین ئەوەیە کە نیەت و هەنگاوەکانی ئەم کابینەیەی حکومەت زۆرتر و زیاتر خاوەن مەیلە بە ئاراستەی رادەستکردنی کارو خزمەتگوزارییەکان بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، بەڵام هەموو کۆمپانیایەك نا، زیاتر ئەو کۆمپانیایانەی نزیکن یاخود کۆمپانیای حیزبین، بۆیە زۆربەی هەنگاوەکانیان لەسەر حسابی کار دۆزینەوەیە بۆ کۆمپانیاکان و دەوڵەمەندکردنیان لەسەر حساب و مایەپوچبونی خەزێنەی حکومەت و دروستکردنی بارگرانی زیاترە لەسەر هاوڵاتیان.

11- لەپێناو دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە، داوا لە سەرۆک و ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەکەین سەرباری ڕەتکردنەوەی گرێبەستەکە، پەنا بۆ دادگای تایبەتمەند ببەن بە دیاریکراوی ئەو دادگایەی لە گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە.

**فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی**

**2022/08/**